## سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان و ڕاپەرینی خەڵکی پایتەختی کۆماری کوردستان لە مهاباد

### بۆ هەموو پارتوو ڕێکخراوە کوردستانییەکان

### بۆ هەموو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان

### بۆ هەموو مرۆڤ دۆستانی جیهان

ڕاپەرینی شاری مهاباد دژ بە ڕژێمی تێرۆریستی ئیران ئەبێت بگاتە شارە داگیرکراوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ڕۆژی شەممەوە 18ی پوشپەڕ تا ئەمرۆ ڕاپەرینی خەڵکی پایتەختەکەی  کۆماری کوردستان لە مهاباد بەردەوامە، لەم ڕۆژەدا هێزە داگیرکەرەکانی دەوڵەتی فارس هەستان بە داپڵۆسینی خەڵکی ئەم شارە تێکۆشەرە لە لێدان و گوولەبارانکردنیان ، لەمەش درندەتر کاتێک هەستان بە بەدیلگرتنی یەکێک لە خۆپیشاندەرەکان بە ناوی شوانە قادری ، دوای ئەوەی زۆر بە توندی بریندار دەکرێت، دێن دەکەونە گیانی بە لێدان و بە ئەشکەنجەدان تا گیانی پیرۆزی وەک پێشمەرگەکانی کوردستان ئەبەخشیت بە خاک و نەتەوە.

تا ئەمرۆ ، خاڵکی شاری قارەمانی مهاباد لە بەرگیدان ، کاروکاسپی خەڵکی وەستاوە ، دووکان و بازاڕەکان داخراون، هێزە سەرکووتکەرەکانی ڕژێم بەردەوامە لە داپڵۆسینی خەڵکی شارەکە ،لە سەر هەموو ئاستەکان ، وەک ئابڵۆقادانی شارو بەکارهێنانی هەموو چەکە قەدەغە کراوەکان وەک گازی فرمێسک ڕێژ و بەکارهێنانی هالیکۆپتەری جەنگی، خەڵک گرتن و ڕاپێچ کردنیان بۆ زیندانەکانی ڕژێم بەردەوامە، بە سەدان بریندارن.

هەموو پەیوەندییەکانی شار بە دەرەوە بەستراوە ، میدیاکان بۆیان نییە بڕۆنە ناو شاری داگیرکراوەوە، یارمەتیە مرۆڤییەکان لە دەرمان و خوردن و گوستنەوەی نەخۆشەکان بۆ شارەکانی تر قەدەغەیە....!!!!...ئەوەی ئەبینرێت پۆستاڵی سووپای پاستدارانە ، بە هەموو چەک و تفاقێکیانەوە......!!!

ڕاپەرینی خەڵکی مهاباد زادەی ئازاری پەنگخواردووی دەیان ساڵی ئەم نەتەوە تێکۆشەرەیە بۆ ڕزگاری لە ژێر حووکمی کلۆنیالی دەوڵەتی فارس ، زادەی

بیری سەربەخۆیی خوازییە ( هەڵوێستی خەڵکی کوردە لە یادی تێرۆرکردنی قاسملۆو هاورێکانی دا ).

بەڵام تا ئەمرۆ هەموو هێزەکانی ڕۆژهەڵات دوورن لە سەرکردایەتی کردنی ئەم ڕاپەڕینە و پاسیڤانە مامەڵە ئەکەن لەگەڵ ئەم ڕووداوە مەزنەدا، هەر بۆیە تا ئەمرۆ نەتوانراوە ڕاپەڕین بگوێزرێتەوە بۆ شارەکانی تر ،تەنانەت نەیانتوانیوە پشتیوانی و هەستی جیهانی ڕابکێشن بەرامبەر ئەم قارەمانییەی شاری مهاباد... بە کورتی و بە کوردی خەڵکی ڕاپەڕیووی مهاباد بەم هاوینە گەرمە بە بێکەسی ڕۆژ و شەو ئەکەنەوە دوور لە دڵۆپەئاوێکی دۆستەکانی.

گەر لە کوردستان لە مردن ئەترسن ، خۆ لە ئەورووپای ئازاد و دیمۆکرات ، هەموو ژێرخانەکان لە بارن : کوا سازکردنی خۆپیشاندان و کۆرو سەمینارەکانیان ، کوا پەیوەندییەکانیان لە گەڵ جیهانی خاوەن شارستانیدا.

لەوەش خەماوییتر بە یەک نوسراوە( کە هەر قسەی ڕووتە) سەرجەم هەموو هێزەکانی کوردستان نەیانتوانی بەشداری خەم و ئازاری خەڵکی ڕاپەڕیوی مهاباد بکەن...

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەی خەڵکی بەشەرەفی مهاباد مەیدانی شۆڕش بکەن ،بە سەنگەری خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی ،لە کووچەو کۆڵانەکان بەرد بارانیانکەن بە ملۆتۆف کۆکتێل بیانسووتێنن، تف بارانیانکەن ،لێیان بدەن بەدار بە هەرچی دێتە مستانەوە، خۆفرۆشەکان ڕسوابکەن، ئەمە تەنها شانسی ڕزگارییە دووبارەنابێتەوە، خەڵکی کورد ئەتانخەنە ئامێزی مێژووی ڕزگاری نەتەوەییەوەی و بونیانەوە،ئەی خەڵکی بەشەرەفی ڕاپەریوی مهاباد سەرکەوتنی خەڵکی باشووری کوردستان بکەن بە ئایەتی سەرکەوتنتان دژ بە داگیرکەران.
ئەی هاونیشتمانیانی شارەکانی تری کوردستان ، هەستن بە مانگرتن و خۆپیشاندان بۆ هاوکاری و هاوخەباتی شاری مهابادی ڕاپەریوو.!!!

بژی کورد بژی کوردستان
هەموو خەباتێک لە پێناوی ڕزگارکردنی کوردستانی کۆلۆنیاڵکراودا.

دەستەی بەڕێوەبەری سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان 2005-07-17

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com